# نابێت کوشتاری خەڵکی کوردستان لە یەکێتی قبوڵ بکرێت

ڕۆژی 16ی لەیادی کیمیابارنی هەلەبجەدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان جارێکی تر بە زمانی چەك وەڵامی داخوازیەکانی ژیانی خەڵکی کوردستانی دایەوە. دوای ڕووداوی هاوینی 2005ی کەلار ،جارێکی تریش وا یەکێتی نیشتمانی دەستی بەخوێنی خەڵکی کوردستان سوور دەکات. کوشتنی لاوێك لە هەلەبجە و بریندارکردنی 11خۆپیشاندەری تر تەنها بەهۆی ئەوەوە بوە کە داوای باشترکردنی ژیانی سەختی هەژارییان کردوە و ڕوبەڕوی دەسەلاتی فەسادی یەکیتی نیستمانی بونەتەوە. ئەمە پەیامی یەکێتیيە نەك بەتەنها بۆ چاوترساندنی دانیشتوانی شاری هەلەبجە بەڵکو ڕوو بە سەرجەم شاری سلێمانی و شارۆچکەکانی ژێردەسەلاتی یەکێتی نیشتمانییە. دوێنێ لەکەلار خۆپیشاندەرانیان بریندار کرد ، ئەمڕۆ لە هەلەبجە کوشتیان و سبەینێ ئەمە دەکەنە چارەنوسی هەموو ئەو هەزاران کەسەی لە سلێمانی و ڕانیە و کلار و کۆیە و چەمچەماڵ و هەر شوێنێکی تر  دەیانەوێت خۆپیشاندان بۆ ئاو و کارەبا و سوتەمەنی بکەن و ڕوبەڕوی فەسادی ئیداری یەکێتی ڕابوەستن. ئەمە پەیامی دەسەلاتێکی میلیشیاییيە ڕوو بە خەڵکی مەدەنی و سیڤیلی کوردستان.

ئەگەر تاوانبارانی ئەم کوشتارەی هەڵەبجە ئەمڕۆ نەبرێنە دادگایەکی ئاشکرا و وەك صدام حسین خەڵك نەیانبینێ دادگایی بکرێن ، ئەم کوشتارەی یەکێتی نیشتمانی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان بەردەوام دەبێت و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کوردستان کە ئێستا لە هەموو شوێنێك سەری هەڵداوە توشی شکست دەکەن. ئەم بزوتنەوەیە ئەمڕۆ دەبێت لە شارو شارۆچکەکانی سلێمانی و ڕانیە و کلار و کۆیە و چەمچەماڵ و لەسەرتاسەری کوردستاندا خۆی کۆبکاتەوە و دەنگی بکات بەیەك و بێتە مەیدان و ڕێگەنەدات ئەم تاوانەی یەکێتی نیشتمانی بێ حساب دەربچێت. دەبێت داوا بکرێت بەفەوری هێزە چەکدارەکانی یەکێتی کە براونەتە سەر شاری هەلەبجە و بۆ گرتن و تۆقاندنی خەڵکی هەلەبجە جەوی عەسکەرتاریەتیان بە ناوشاردا بڵاوکردۆتەوە لە هەلەبجە بچنە دەرەوە.

کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان کە هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی ئەم نارەزایەتیانەدا بوە وپشتیوانی خۆی لە خۆپیشاندەرانی هەلەبجە دەردەبرێت و داوا لە هەموو خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و دەرەوەی وولات و ڕای گشتی دەرەوە دەکات کە ئەم کردەوەیەی یەکیتی نیشتمانی مەحکوم بکەن و داوای سزادانی ئەنجام دەرانی بکەن.

ئاسۆ کمال
بەرپرس لە کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان
2006/03/17

TEL: 00447760131203, Email: asokamal1@aol.com